دووەمین دیداری کوردناسی



دیداری کوردناسی

AUIS


دیراری
کوردستانی
AUIS

بەرنامەی
دووەمین ساڵی
دیداری کوردناسی
١١ و ١٢ی تشرینی دووەم، ٢٠٢٦
زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی | بەستەری بەشداربوون

ژبانامەی هەموو بەشداربووانی دیداری ئەمساڵ لە کۆتاییدا دانراوە

چوارشەممە، ١١ی تشرینی دووەم، ٢٠٢٦
ڕۆژی یەکەم

١٠:٠٠ی بەیانی | هۆڵی کۆنفرانس
وتاری پێشوازی
بیلال وەهاب و شێنێ محەمەد

١٠:٣٠ی بەیانی | هۆڵی کۆنفرانس
وتاری سەرەکی - ڕەهەندە میژوویی، ڕامیاری و تیۆرییەکانی کوردناسی
گفتوگۆی ئاریان شاوەیسی لەگەڵ فازڵ مورادی

١١:٣٠ی بەیانی | هۆڵی کۆنفرانس
کۆدووان - بووژانەوەی ئەرشیفی وێنە دوای شەڕی چەکداری
گفتوگۆی ولیەم گالوە لەگەڵ مارک وێب و ناتانیەڵ بڕەنت

١٢:٤٥ی نیوەڕۆ | کافتریا
نیوەڕۆخوان

٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ | هۆڵی کۆنفرانس
کۆدووان - هێزێ سینەمای کەمینە
گفتوگۆی ئۆزگور چیچەک لەگەڵ زارا مەسروور و بێری شەڵماشی

٣:١٥ی پاشنیوەڕۆ | بەردەم هۆڵی کۆنفرانس
چا و قاوە و شیرێنی

٤:١٥ی پاشنیوەڕۆ | هۆڵی کۆنفرانس
نمایشی فیلم
«زامە نادیارەکانی ڕۆژاڤا»ی مریەم ئیبراهیمی
پێش‌وتار: پشتیوانْ بابەکر



دەرهێنانی مریەم ئیبراهیمی
نمایشی فیلم | ٨١ خولەک
سوید و نەرویج | ٢٠٢٦

پێنجشەممە، ١٢ی تشرینی دووەم، ٢٠٢٦
ڕۆژی دووەم

١٠:٠٠ی بەیانی | هۆڵی کۆنفرانس
کۆدووان - شوناسی شیعری کوردی
بڕیار محەمەد تاهیر لەگەڵ ئەحمەدی مەلا و ڕامیار مەحموود

١١:١٥ی بەیانی | هۆڵی کۆنفرانس
شیعرخوێندنەوە
بەرکەن بەرەھ و ڕێبین محەمەد

١٢:٤٥ی نیوەڕۆ | کافتریا
نیوەڕۆخوان

٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ | هۆڵی کۆنفرانس
کۆدووان - شیعر و چیرۆکی هاوچەرخی هەورامی
گفتوگۆی فەرشید ڕۆستەمی لەگەڵ کوورش ئەمینی

٣:١٥ی پاشنیوەڕۆ | هۆڵی کۆنفرانس
دواوتە
یاد عەبدوولقادر و ماری لابرۆس

٣:٣٠ی پاشنیوەڕۆ | بەردەم هۆڵی کۆنفرانس
چا و قاوە و شیرینی

٤:٠٠ی پاشنیوەڕۆ | ژووری (B1-B-11)
مێزگرد - داهاتووی ژیربی دەستکرد لە ناوخۆ و دەرەوە
گۆران جەودەت و ئالێکس لێقنسۆن

٥:٣٠ی ئێوارە | هۆڵی کۆنفرانس

نمایشی میوزیک - پێنجینەی ژێداری کوردستان

ئاکۆ عەزیز	دانەر، ڤیۆلین
زانا جەلال	ڤیۆلین
شێرکۆ محەمەد ساڵح	ڤیۆلین
ڕێژوان ئەحمەد	ڤیۆلا
شێلان عومەر	چەلۆ

پێنجینەی ژێداری کوردستان



Nov 12, 2026
5:00 P.M

AUIS . Conference Hall

Ako Aziz [Composer, Arranger, Violin]
Rezhwan Ahmed [Viola]
Shilan Omar [Cello]
Zana Jalal [Violin]
Sherko M.Salih [Violin]

ئاکۆ عەزیز [دانەر و ڤایۆلین]؛
ڕێژوان ئەحمەد [ڤیۆلا]؛
شیلان عومەر [چەلۆ]؛
زانا جەلال [ڤایۆلین]؛
شێرکۆ محەمەد سالح [ڤایۆلین]؛

AUIS

Kurdistan String Quintet

به دڕێژایی ڕۆژانی دیداری کوردناسی، کتێبەکانی وەشانخانەی کەشکۆڵ لە بەردەم هۆڵی کۆنفرانس بەردەست دەبن، دەتوانن چاویان پێدا بخشێنن و بەدەستیان بهێنن. بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر هەموو بەرهەمە چاپکراوەکانمان، سەر لە مالپەڕی کەشکۆڵ بدەن:
kashkul.auis.edu.krd

بە دڕێژایی ساڵ، کەشکۆڵ **کتێبخانۆچکەیەکی خۆڕاییی** لە کارگەی کولتوور داناوە.
کتێبخانەی خۆتانە، بەسەری بکەنەوە: کتێبێک بهێنن و کتێبێک ببەنە مالەوە!

کتێبخانۆچکە خۆراییەکەی کەشکۆڵ، کارگەی کولتوور
کتێبخانەیەک بۆ یادی خەیات، باخچەی بەردین لەناو زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی (بەم زووانە)
کتێبخانەی باخی گشتی، باخی گشتیی سلێمانی (بەم زووانە)

ڕێکخەر: پشتیوان بابەکر، نەخشەکێش: عەلی موحەمەد
پیشەوەر و نەخشەکێش: سەباح بارام

سااڵنە، ناوەندی کەشکۆڵ بە بۆنەی دیداری کوردناسییەوە، میواندارى لە کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەند و تۆێژەر دەکات: بەشێکیان لە زانکۆ وانە دەڵێنەوە، بەشێکی تریان بۆ ماوەیەکی درێژتر دەمێننەوە و وۆرکشۆپ ڕێک دەخەن. میوانەکانی ئەمسااڵ بریتین لە:

١. ڕەزا عەلیپوور
وۆرکشۆپ: «بینین، نووسین، نووسینەوە»
گفتوگۆی کراوە: «شیعری زمان و زمانی شیعر»
هۆبەی کەشکۆڵ و باڵندە، کارگەی کولتوور، ١-١٦ی تشرینی یەکەم

٢. هۆڵی مەیسن بەدرە
وۆرکشۆپ: «فراواندنی خود لە ڕێی هونەرەوە»
«گفتوگۆی چۆمان هەردی لەگەڵ هۆڵی مەیسن بەدرە»
زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و ناوەندی ڕۆشنبیری هەردی، ٩-١٦ی تشرینی یەکەم

٣. وڵیەم گالوە
وۆرکشۆپ و گفتوگۆ: «وردبوونەوە لە هونەری هاوچەرخی ئیسلامی»
بنکەی ژین، ٩-١٣ی تشرینی دووەم

٤. مارک مارین وێب
وۆرکشۆپ و گفتوگۆ: «بووژانەوەی ئەرشیفی وێنە دوای شەڕی چەکداری»
زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، ژووری (٠٩-B-G) و (٠٥-A-G)، ٩-١٣ی تشرینی دووەم

٥. ناتانیەڵ بڕەنت
وۆرکشۆپ و گفتوگۆ: «بووژانەوەی ئەرشیفی وێنە دوای شەڕی چەکداری»
زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، ژووری (B-G-٠٩) و (A-G-٠٥)، ٩-١٣ی تشرینی دووەم

٦. بریار باجەڵان
«وەرگێڕانی زارەکێتی: پاراستنی چیرۆک لە کاتی گرژی و ئاڵۆزی»
میوانی وانەبێژ
زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، ژووری (B-F٢-٤١)، ١٦ی تشرینی دووەم

گەر دەتانەوێت ساڵی ٢٠٢٧ وەک توێژەر، نووسەر، وەرگێڕ یان هونەرمەند لە دیداری کوردناسی بەشدار بن، ئیمەیڵ بۆ kashkul@auis.edu.krd بنێرن: ناوی سیانی، بواری نووسین یان توێژینەوە، نوێترین سێ بڵاوکراوە و پێشنیاری چەند بابەتێکمان بۆ وانەبێژی و وۆرکشۆپ بۆ بنووسن.

ئاریان شاوەیسی نووسەر و تۆژەرە، شارەزای بواری فەلسەفە و ئەخلاق و فەلسەفەی فێمینیستی و فەلسەفەی زانست و تیۆریی زانینی کۆمەڵایەتییە. سەرنجی پڕۆژەکانی ئێستای لەسەر دادپەروەری و کۆچ و سنوور و تەندروستیی جیهانی چڕ بوونەتەوە و لەو بوارانەدا وانە دەڵێتەوە و سەرپەرشتی پڕۆژەی تۆژینەوەی خوێندکارانی خوێندنی باڵایە. ئاریان وتار بۆ گۆڤاری لەندەن و ئیکۆنۆمیست و گاردیان و ئیندیپێندێنت دەنووسێت، خاوەنی چەندین کتێب و بڵاوکراوەی تره، بەشێکیان بۆ سەر زمانی ئیسپانی، کۆری و ژاپۆنی وەرگێڕدراون. هەروەها ئەندامی کۆمسیۆنی لانسێنتی تایبەت بە تەندروستیی منداڵان و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستییە.

ئاکۆ عەزیز ژەنیار و ئاوازدانەر و مامۆستا و ڕابەری ئۆرکێسترایە. ئەندامێکی چالاکی ئۆرکێسترای سەمفۆنیای سلێمانییە و لە ساڵی ٢٠١٠ەوە ڕابەری گرووپی پێنجینەی ژێداری کوردستانە. دامەزرێنەری ئۆرکێسترای گەنجانی سلێمانییە و مامۆستای فێرگەی ئەم ئۆرکێسترایەیە کە تایبەتە بە فێربوونی میوزیک و پەرەپێدانی بەهرەی لاوان لە کوردستان.

ئالێکس لێڤنسۆن پسپۆڕی بواری ژیرپێ دەستکرد و ئاسایشی ئەلکترۆنییە، ڕاوێژکاری چەندین ڕێکخراوی حکوومی و ئەهلییە. هاودامەزرێنەری تاقیگەیەکی تۆژینەوەی ژیرپێ دەستکردە، سەرنجی لەسەر ئاسایشی ئەلکترۆنییە. پێشتر لەگەڵ چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهانی لە بواری ژیری دەستکرد و تەکنەلۆژیادا کاری کردووە. ئەزموونی سەروو پانزە ساڵی لە بواری ئاسایشی ئەلکترۆنیدا هەیە، بەردەوامیش وتەبێژی کۆڕ و کۆنفرانسەکانی ئەم بوارەیە.

ئەحمەدی مەلا نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ و مامۆستای زانکۆیە، قۆناغی بنەڕەتی و ناوەندیی لە کەرکووک و خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا خوێندووە. بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی فرانش کۆنتێ لە فەڕەنسا تەواو کردووە. هەنووکە لە زانکۆی کاستییا–لا مانچا لە ئیسپانیا مامۆستای بەشی فەڕەنسییە. سەرەڕای شیعرنووسین، خاوەنی چەندین بەرهەمی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانە بە زمانی کوردی و فەڕەنسی.

ئۆزگور چیچەک فیلمناس و مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن و کلتووری زانکۆی ئەمستەردامە. توێژەری سینەمای نەتەوەیی و فرەنەتەوەیی و کەمینەیە؛ پتر سەرنجی لەسەر سینەمای کوردی، بەڵگەفیلم، بیرەوەری و ئەرشیف و جوانیناسیی فیلم چڕ کردووەتەوە. دواهەمین کتێبی بە ناونیشانی «سینەمای کوردی لە تورکیا: ناسنامە، زیندان و ئەرشیف» لە دەزگای چاپ و پەخشی زانکۆی ئێدنبرە بڵاو دەبێتەوە.

بریار باجەڵان نووسەر و وەرگێڕ و فیلمسازە، خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی ئێکزیتەر. کورتەبەڵگەفیلمێکی لەبارەی شاعیری بەغدادی جەمیل سدقی زەهاوییەوە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی تاگۆر خەڵات کراوە. لەگەڵ شووک، کتێبێکی سادق ئەلڕەزیی بۆ ناوەندی وەرگێڕانی شیعر لە بەریتانیا و کتێبێکی زێدان خەڵەفی بۆ وەشانخانەی کەشکۆڵ لە کوردستان وەرگێڕاوە.

بریار محەمەد تاهیر شاعیر و وەرگێڕ و نووسیارە، ساڵی ١٩٨٦ لە سلێمانی لەدایک بووە. بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا وەرگرتووە. هاودامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ناوەندی بالندەیە.

بەرکەن بەرەھ شاعیرێکی دیاری باکووری کوردستانە، بەرپرسی بەشی شیعری گۆڤاری نووبهارە. سەرەتا بەرهەمەکانی لە تیرۆژ و دواتر لە زۆرینەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو بوونەوە. ساڵی ١٩٩٩، گۆڤاری سەرهێڵی «کولینا کولیلکان»ی دامەزراندووە. نموونەی شیعرەکانی بۆ تورکی، عەرەبی، ئیسپانی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی و ژاپۆنی وەرگێڕدراون. ناوەندی بالندە لە سلێمانی و وەشانخانەی سپیرێز لە دهۆک هەڵبژاردەی شیعرەکانیان بە ناونیشانی «من دیرۆکی خۆم دەوێت» بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ٢٠٢٥، خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی هەژاری لە زانکۆی سنە پێ بەخشراوە.

بیلال ئەحمەد وەهاب سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی عێراق، سلێمانییە. شارەزای ئەکادیمیا و سیاسەتی ناوخۆ و نێودەوڵەتییە. سەرنجی لەسەر سەربەخۆیی و پەرەپێدانی پەروەردە و پێگەی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چڕکردووەتەوە. پێشتر ئەندامێکی پلەبااڵی ئینستیتووتی واشنتن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەاڵتی نزیک بووە، تایبەتمەندییەکەی لە بواری سیاسەت و حوکمڕانی و وزە و کاروباری خۆجێیدا بووە. سکۆاڵرشیپی فولبرایتی وەرگرتووە، دکتۆرای لە زانکۆی جۆرج مەیسن و ماستەری لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتن و بەکاڵۆریۆسی لە زانکۆی سەاڵحەدین لە هەولێر خوێندووە. ئامانجی بەرەوپێشبردنی زانست و توێژینەوە، گفتوگۆی کراوە و پەیوەندیی کوردستان بە دنیای دەرەوەیە.

بێری شەڵماشی دەرهێنەر و نووسەرێکی کورد-هۆاڵندییە. سەرنجی لەسەر پرسی ناسنامە، ئاوارەیی، بیرەوەری و میژووی سیاسی، ئاوێتەبوونی میژووی تاکەکەسی بە ڕووداوەکانەوە چڕکردووەتەوە. دەرهێنەری بەاڵگەفیلمی «گەورەدێ»یە، لەبارەی ئەرشیف و گێڕانەوەی میژووی بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. بێری دەنگێکی دیاری مافی کورد و میژووی سیاسییە، کارەکانی لە چوارچێوەی گێڕانەوە، بەاڵگەفیلم و میدیادایە. فیلمی «دایە»، «هاواڕێ لە سەربانەوە»، «بانگهێشتنامەی ئەکتەر» و بەاڵگەفیلمی «لە لێواری شۆڕشدا»ی بەرهەم هێناوە. سەرەڕای فیلمسازی، بەڕێوەبەری دامەزراوەی «ئاڤانتی»ی هۆاڵندییە کە تایبەتە بە کلتوور و وتووێژ و کۆمەاڵگە.

پشتیوان بابەکر فیلمساز و گرافیک دیزاینەر و ڕێکخەرە. بەڕێوەبەری هونەڕیی ناوەندی کەشکۆاڵ لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانییە. سەرپەرشتی پێشانگە و پڕۆژە هونەرییەکانە، سەرنجی لەسەر هونەر و سینەمای کوردییە.

چۆمان هەردی شاعیر و وەرگێڕ و نووسەرە، وانەی ئەدەبی ئینگلیزی و فێمێنیزم لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی دەاڵێتەوە. ساڵی ٢٠١٥، ناوەندی جێندەر و گەشەپێدانی لە زانکۆی ئەمریکی دامەزراندووە. ساڵی ٢٠٢٣، خەاڵتی فەرەنسی-ئەاڵمانیی بۆ مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا وەرگرتووە.

زارا مەسروور فیلمناس و بەرنامەڕێژی کلتوورییە، لەدایکبووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و نیشتەجێی هۆڵەندایە. بڕوانامەی ماستەری لە بەشی سینەما و میدیای بینراو و بیستراوی هاوچەرخ لە زانکۆی گرۆنینگەن وەرگرتووە. مژاری بێدەوڵەتی، کۆچ، ناسنامە و کلتووری کوردی لە بەرهەم و نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەنووکە ئەندامی دەستەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەنە.

زانا جەلال ژەنیاری ڤیۆلین و ماموستای میوزیکە. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە ئۆرکێستڕای سلێمانییە، لەو کاتەوە بەشداریی لە کۆنسێرت، ووێرکشووپ، تۆمارکردنی بەرهەم و بەرنامەی کلتووری لە کوردستان، عێراق، نەمسا، ئەڵمانیا، بولگاریا، بەریتانیا و فەرەنسا کردووە. سەرۆکی ژەنیارانی ژێدار و ئەندامی ئۆرکێستڕای نیشتمانیی لاوانی عێراق و پێنجینەی ژێداری کوردستان بووە. ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ لە زانکۆی سەینت لویس لە میزۆری ئەمریکا خوێندوویەتی. ماموستای بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانییە.

ڕامیار مەحموود نووسەر و شاعیر و توێژەرە. بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی سلێمانی خوێندووە. ساڵی ١٩٩٧، گۆڤاری گوتار بۆ لێکۆڵینەوەی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠١٦، چوار کتێبی شیعری و ساڵی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٥، چوار کتێبی لێکۆڵینەوەی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ٢٠٢١، دەزگای سەردەم کۆشیعرەکەی بە چاپ گەیاندووە. ساڵی ٢٠٢٦، دەقێکی نۆڤێلای وەشاندووە. نموونەی شیعری ڕامیار بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، ئیسپانی، فارسی و دانیمارکی وەرگێڕدراوە. لە ساڵی ٢٠١٩ەوە، دامەزرێنەر و خاوەن ئیمتیازی میدیای کوردڕاوەمە.

ڕەزا عەلیپوور شاعیر و نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەدایکبووی شاری سەقزە و نیشتەجێی سنەیە. ساڵی ٢٠٢٦، وەشانخانەی بانگەندە کۆکراوەی شیعرەکانی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ٢٠١٩، ڕۆمانی «ئەلیف/یا» و ساڵی ٢٠٢٥، ڕۆمانی «لەوێ مەمرە»ی بڵاو کردووەتەوە. ڕەزا عەلیپوور پەیامی ناوەندی بانگەندەی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ نووسیوە.

ڕێبین محەمەد مامۆستای کوردناسی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، کۆلێژی تەکنیکی سۆران. بروانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا بەدەست هێناوە. بواری سەرەکیی توێژینەوە و چالاکییەکانی بریتیین لە ڕەخنەی ئەدەبی، شیکاریی دەق و وەرگێڕان. دوو کتێبی لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیی کوردی و وەرگێڕاندا بڵاو کردووەتەوە: «بنیادی گێڕانەوە لە ڕۆمانی سۆبارتۆی حەلیم یوسفدا» و «من دیرۆکی خۆمم دەوێت».

ڕێژوان ئەحمەد ژەنیاری ڤیۆلا و پیانۆیە، مامۆستای میوزیکە. دەرچووی بەشی میوزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانییە. بەرپرسی بەشی ڤیۆلای ئۆرکێسترای سلێمانی و ئۆرکێسترای نیشتمانیی لاوانی عێراق بووە. بەشداریی لە چەندین کۆنسێرت و فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە نەمسا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا و بولگاریا کردووە و ئەندامی گرووپی کێژان و پێنجینەی ژێداری کوردستانە.

شیلان عومەر ژەنیاری چەلۆ، مامۆستای میوزیک و هونەرمەندی نمایشکارە. بەشی میوزیکی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی خوێندووە. بەشداریی لە چەندین ئۆرکێسترادا کردووە، لەوانە ئۆرکێسترای زانکۆی سلێمانی، ئۆرکێسترای نیشتمانیی ئامێری ژێدار، ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی و ئۆرکێسترای ژێداری کوردستان. هەروەها نمایشی هاوبەشی لەگەڵ ژەنیاراندا هەبووە و بەشداریی چەندین کۆنسێرت و فێستیڤاڵی لە کوردستان و دەرەوە کردووە.

شێرکۆ محەمەد ساڵێ ژەنیاری ڤیۆلین، مامۆستای زانکۆ و ڕابەری ئۆرکێسترای کۆلێژە. لە ساڵی ٢٠١٣ەوە، مامۆستایە لە بەشی میوزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی. پێشتریش سەرۆکی بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بووە. لە کۆنسەرڤاتواری دکتۆر هۆکس و پیتەر کۆرنلیۆس لە ئەڵمانیا خوێندوویەتی.

شێنێ محەمەد وەرگێڕ و وانەبێژە، بروانامەی ماستەری لە وەرگێڕانی ئەدەبی لە زانکۆی ئایۆوا بەدەست هێناوە. بەرهەمی «چێشتی مجێور»ی هەژار موکریانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە. یاریدەدەری نووسیاری کەشکۆڵی شیعری سەدەی نۆزدەهەمی سۆرانی بووە. سەرنووسەری گۆڤاری «ئێکسچەینجس»ی تایبەت بە وەرگێڕانی ئەدەبی لە ئەمریکا بووە. بەرهەمەکانی لە چەندین گۆڤاریی جیهانیدا بڵاو بوونەتەوە. ئێستا ئەندامی وەشانخانەی هەنارە و بەرپرسی دیداری کوردناسی لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانییە.

فازڵ مورادی تووێژەر و مامۆستای زانکۆیە، ئەندامی ناوەندی تووێژینەوەی ناسنامەی بینراو لە زانکۆی یۆهانسبێرگ و پەیمانگەی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی لە ئەکادیمیای زانستەکانی نەمسا و ناوەندی لێکۆڵینەوەی هۆلۆکۆست، جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی لە زانکۆی نویۆرکە. فازڵ پێشتر لە کۆمەڵەی ژاپۆن بۆ پێشخستنی زانست و لە زانکۆی هێرۆشیما کاری کردووە؛ هەروەها لە پەیمانگەی یۆهانسبێرگ بۆ لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکان پڕۆفیسۆری یاریدەر بووە؛ ماوەیەکیش لە پەیمانگەی ماکس پلانک بۆ مرۆناسیی کۆمەڵایەتی و لە زانکۆی هالی تووێژەر بووە. شانبەشانی زانایانی پزیشکی لە ئەکادیمیای سالگرێنسکا لە زانکۆی گۆتنبێرگ کاری کردووە. نووسەری کۆمەڵێک کتێب و سەرنووسەری چەندین ژمارەی تایبەتی گۆڤار و بڵاوکراوەی جیاواز بووە.

فەرشید ڕۆستەمی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕە. ساڵی ٢٠٢١، بەشێ زمانی و ئەدەبی فارسیی لە زانکۆی کوردستان لە سنە خوێندووە و ساڵی ٢٠٢٤، بروانامەی ماستەری ئەدەبی بەراوردکاریی لە زانکۆی رازی لە کرماشان وەرگرتووە. شیعری نوێ بە هەورامی و سۆرانی دەنووسێت؛ سێ کۆمەڵەشیعری بە هەورامی و کۆمەڵەشیعرێکی بە سۆرانی بڵاو کردووەتەوە. براوەی خەڵاتی گەلاوێژ و پرژە بۆ شیعر بووە. سێ کتێبی وەرگێڕانیشی بڵاو کردووەتەوە: شانۆنامەی «لە چاوەروانیی گۆدۆ»ی ساموێل بیکێت، کەشکۆڵی شیعری نوێی هەورامی و کەشکۆڵی کورتەچیرۆکی هەورامی. هەروەها، چەندین تووێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا بە چاپ گەیاندووە. ئێستا دانیشتووی هەورامانی تەختە.

کوورش ئەمینی نووسەر و وەرگێڕ و توێژەرێکی هەورامییە، لەدایکبووی نۆدشەیە و نیشتەجێی مەریوانە. خاوەنی دەیان کتێبە، کۆمەڵەچیرۆکی «ئاخرین فیشەک»ی نووسیوە و یەکەمین ڕۆمانی بۆ هەورامی وەرگێڕاوە. دواهەمین بەرهەمی بە ناونیشانی «افسانه های دیار ما» بڵاو کردووەتەوە، توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە و چوار بەرگە، سەبارەت بە ئەفسانە و ئوستووورەکانی هەورامانە، هەروەها پلەی یەکەمی خەڵاتی ئەدەبی هەژاری لە زانکۆی کوردستان پێ بەخشراوە. نووسیار و هەڵەگری چەندین کتێب و وتاری زانستی بووە. سەروتاری چەندین کۆنفرانسی لە زانکۆکان پێشکەش کردووە. کتێبێکی ٩ بەرگیی بە ناونیشانی «هەورامانشاری» نووسیوە و ئامادەی چاپە.

مارک مارین وێب تەلارسازە و بروانامەی دکتۆرای لە بەشی زمان و کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی پێنسلڤێنیا وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٢٦، بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی دیمەنی پیرۆزی ئێزدییەکان لە دوای جینۆسایدی ٢٠١٤ەوە، خەڵاتی «ڕۆجەر ئالن»ی پێ بەخشراوە. تەلارسازی لە بەرشەلۆنە و بەرلین خوێندووە و کاری لەسەر پرۆژەی شوێنەوارناسی و کەلەپوورپارێزی لە سەرانسەری سووریا، هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق کردووە، لەوانەیش پاراستنی پەرستگەی شێخ ئادیی ئێزدییەکان لە لالش لە ساڵی ٢٠١٩. مارک هاودامەزرێنەری پرۆژەی «سەرسالێ»یە بۆ پاراستن، بەدیجیتاڵکردن و گەراندنەوەی کەلەپووری وێنەیی ئێزدییەکان بۆ ئەو شوێنانەی وێنەکانیان لێ گیراوە، پاش ئەوەی ئەرشیفێکی پەراوێزخراوی وێنەی ئێزدییەکانی ساڵانی ١٩٣٠ی لە مۆزەخانەی پێن دۆزیوەتەوە.

ماری لابرۆس شاعیر و وەرگێڕ و مامۆستای زانکۆیە، دامەزرێنەری ناوەندی کەشکۆڵ لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانییە. دکتۆرای کوردناسی لە زانکۆی ئێکزیتەر وەرگرتووە. وەرگێڕیان هاووەرگێڕی چەندین بەرهەمی کوردی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بووە، لەوانە کتێبی «مشتێک خوێ»ی کەژاڵ ئەحمەد، «فەرهەنگی نیوەشەو»ی عەبدوڵڵا پەشێو، «پەتاتەخۆرەکان»ی فەرهاد پیرباڵ، «دەنووسم یووسف»ی هێرۆ کوردە، ئەنتۆلۆژیای شیعری ئێزدی و ئەنتۆلۆژیای شیعری کلاسیکی سۆرانی. ساڵی ٢٠٢٥، یەکەمین کۆمەڵەشیعری خۆی لە وەشانخانەی ئەننەیمد بڵاو بووەتەوە. شیعر و وتار و وەرگێڕانەکانی لە چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی گرنگی دنیادا

بڵاو بوونەتەوە. هەروەها ‹سلێمانی: شاری ئەدەبی یونسکۆ›ی دامەزراندووە.

مریەم ئیبراهیمی فیلمساز و بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری بەڵگەفیلمە، براوەی خەڵاتی ئێیمییە. ساڵی ١٩٧٦ لە تاران لەدایک بووە و نیشتەجێی سویدە. بەشی هونەر و تیۆریی هونەری لە تاران خوێندووە، دواتر بروانامەی ماستەری لە زانکۆی هونەر، پیشەسازیی و دیزاینی کۆنستفاک لە سوید بەدەست هێناوە. ساڵی ٢٠١٢، بەڵگەفیلمێکی لە زیندانی ژنانی ئەفغانستان بەرهەم هێناوە. هەروەها بەرهەمێنەری فیلمی «نرخم تەنیا ٥٠ سەر مەڕ بوو» (٢٠١٠) و «خوشکانی زیندان» (٢٠١٠)ـە. دوو بەرهەمی نوێی بریتین لە «بەهێزتر لە گوللە» (٢٠١٧) و «زامە نادیارەکانی ڕۆژاڤا» (٢٠٢٦). ساڵی ٢٠٢١، مریەم ئیبراهیمی خەڵاتی چیکن ئەند ئێگی وەرگرتووە.

ناتانیەڵ بڕەنت تۆێژەرێکی فرەپسپۆڕ، وێنەگری بەڵگەیی و پەروەردەکارە. ڕەخنەگرانە دەروانێتە شەری چەکداریی هاوچەرخ و سەرنجی لەسەر ڕەهەندە فرەلایەنەکانی وێنەگری لە کاتی جەنگدا چڕ کردووەتەوە. بروانامەی دکتۆرای لە بواری پەیوەندی و کلتوور لە زانکۆی تۆرۆنتۆ میتڕۆپۆلیتەن و زانکۆی یۆرک وەرگرتووە. بەرهەمە وێنەییەکانی بڕەنت بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بوونەتەوە و نمایش کراون. ئێستایش لە هەرێمی کوردستان و دۆڵی کشمیر سەرقاڵی چەند پڕۆژەیەکی درێژخایەنە. هاوکات لە مۆزەخانە و کتێبخانەکانی زانکۆی ڤیکتۆریا و ناوەندی هانا ئارێنت و کتێبخانەی زانکۆی هانۆڤەر لە ئەڵمانیا کار دەکات.

هۆڵی مەیسن بەدرە نووسەرێکی کورد-ئەمریکییە و نیشتەجێی باکووری ڤێرجینیایە. ساڵی ٢٠٢٥، بەرهەمی «خەوتن لە حەوشە»ی لە ئەمریکا بڵاو کردووەتەوە، دەق هەمەچەشنی خانمەنووسەرانی هاوچەرخی کوردی تێدا کۆ کراوەتەوە. بەرهەمەکانی لە چەندین گۆڤار و پێگەی گرنگی ئینگلیزیدا بڵاو کراونەتەوە. ئێستا جێگری بەڕێوەبەری بەشی ناوەندی ژنناسی و جێندەرناسیی زانکۆی جۆرج مەیسنە. هەروەها ئەندامی گۆڤاری پۆوتری دەیلییە و جێگری سەرۆکی وەشانخانەی هەنارە.

ولّیەم گالوە مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری ناوەندی عەرەبناسی و ئیسلامناسییە لە زانکۆی ئێکزیتەر. پێشتر لە چەندین زانکۆی تر لە لەندەن و نیمچەدوورگەی عەرەبی وانەیێژ بووە.

یاد عەبدوولقادر تویژینەوە و گێڕانەوە پێکەوە دەبەستێتەوە تا ئاڵنگاری و دیاردەکانی کۆمەڵگەی کوردی تاووتوێ بکات. هەروەها لەسەر پرسی سیاسەت و چێندەر و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەنووسێت، هاوکات بەڵگەفیلم و کۆرتەفیلم و چیرۆک لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە بەرهەم دەهێنێت. ئەزموونی زیاتر لە شەش ساڵ کارکردنی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا لە عێراق هەیە و ماستەری لە بواری تۆیژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست هێناوە. خاوەنی دیدێکی فرەڕەهەندە بۆ گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵگە، سیاسەت و کلتووری کوردییەوە.



kashkul.auis.edu.krd/forum







Second Kurdish Studies Forum

دیدارای کوردناسی